# پاشكۆی نامەیەكی كراوە : ـ بۆ پەرلەمانی هەرێمی كوردستان

**بەڕێزان: لە پەرلەمانی هەرێمی كوردستانی عێراق.**

**پێش ماوەیەك، لە یەكی/ئۆكتۆبەری–2006 دا، نامەیەكی كراوەم ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆكی هەرێم كردبوو. بۆ درانە دادگای تاوانبارێك بەناوی (هەباسی بایزی باڵواغا) كە وەختی خۆی لە زەمانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا، وەك سەرۆك جاشێك، سێ كەسی لە بنەماڵەی ئێمە و دەیان كەسی تریشی لە خەڵكی ناوچەكانی پشدەر و بیتوێن شەهید كردوە.**

**من وەك هەر هاووڵاتییەكی كوردستان ئەو چاوەڕوانیەم هەیە كە لە ژێر سایەی حكومەتی هەرێمدا مافەكانم پارێزراوبێت و ناحەقیەكش كە دەرهەق بەخۆم و خانەوادەم كراوە، لێپرسینەوەیەك هەبێت لەسەری. لێرەوە من نامەكەم ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆكی هەرێم كردبوو.**

**ئێستا من بەشەخسی دەعوای قانووی لەسەر ئەو تاوانبارە تۆمار دەكەم و ئەو مەسەلەیە ڕەوتی یاسایی خۆی وەردەرگرێ. من جگە لەوەی كە چاوەڕوانیەكم هەیە، دەزگای قەزایی لە كوردستاندا ئەو مەسەلەیە بەجدی وەرگرێت. سەرنجی ئێوەی بەڕێزیش بۆ ئەوە ڕادەكێشم كە ئەم مەسەلەیە تەنها مەسەلەیەكی شەخسی من نیە، بەڵكو خواستێكی ئازادانەی جەماوەرێكی بەرینی دڵ بریندار و زوڵم لێكراوە لە كوردستاندا. چەندەها كەس هەیە خۆشەویستان و ئەزیزانیان بەدەستی ئەم خۆفرۆشانە لەدەستداوە. جێی خۆیەتی كە پەرلەمانیش لەم مەیدانەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ وەڵامدانەوە بەو خواستە ئازادیخوازەی ئەمڕۆی ئەو جەماوەرە. ئەویش نەك هەر بەوەی كە پشتیوانی لە دەعوای قانوونی و شەخسی ئەو خەڵكانە بكات بەدژی ئەو سەرۆك جاش و خۆفرۆشانەی كە دەستیان بەخوێنی ئەزیزان و خۆشەویستانی ئەو خەڵكە سورە، بەڵكو دەست پێش كەریش بكات بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو لێبوردنە گشتییەی كە وەختی خۆی بەرەی كوردستانی لە ساڵی 1991 دا دەریكردوە. وە ئەو خۆفرۆش و تاوانبارانە نەك هەر وەك تاوانە شەخسیەكانیان بەرامبەر ئەم و ئەو بەڵكو وەك تاوانباریش بەرامبەر هەموو خەڵكی كوردستان بخرێنە ناو قەفەسی دادگاوە.**

**ئەگەر ئەمڕۆ ((حیزبەكان)) لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی حیزبایەتی خۆیاندا، بە بیانووی ئەوەی كە گوایە نایانەوێت دڵی بەشێك لە ((خەڵك))یان لێ بێشێ!!! بوونەتە لانە و جێ مۆڵگەی ئەو سەرۆك عەشیرەتانە كە زۆرێكیشیان دەستیان سووره هەتا بەخوێنی پێشمەرگەكانی ئەوانیش. ئایە پەرلەمانی كوردستان لە بەرامبەر دڵ شكانی جەماوەریكی بەرینی ئازادیخوازدا ئەڵێ چی.؟**

**ئەمڕۆ خەڵكی كوردستان بەتاسەوە تامەزرۆی ئەوەن كە هاوكاتی بینینی (سەددام) و (عەلی كیمیاوی) و دارودەستە ((عەرەب))یەكەیان لە ناو قەفەسی دادگادا لە بەغداد، دارودەستە خۆماڵی یە ((كوردی))یەكەشی لەناو قەفەسی دادگا لە هەولێری پایتەختی كوردستان ببینن كە چۆنچۆنی ڕووبەڕوی دەعوای بەرهەقی سەدانی جەرگ بڕاوی وەك من ببنەوە.**

پەرلەمانی کوردستان ئەگەر دەیەوێت، مەجلیسی حیزبایەتی و شتێکی فۆرماڵ و دوور لەخواستەکانی خەڵکی کوردستان نەبێت، پێویستە لەسەر ئەم هەقەی خەڵکی کوردستان لەمڕۆدا بێدەنگ نەبێت. ئەوە قسەی من نییە بەڵکو قسەی ئەمڕۆی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە کە من لەم نامەیەدا بۆم خستوونەتە سەر کاغەز.

********* ********* *********

دوای ڕاگەیاندنی نامە کراوەکەم بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم، خەڵکێکی زۆر پەیوەندییان پێوەکردووم لەوانەی کە خۆشەویستان و عەزیزانیان بەدەستی ئەم تاوانبارەی سەرەوە لەدەست داوە. جگە لەوەی کە ناوی قوربانیەکانیان بۆ ناردووم، ئامادەگی خۆشیان دەربڕیوە بۆ هاوکاریکردنم بۆ کێش کردنی ئەو تاوانبارە بۆ دادگا. من وێڕای سوپاس و ڕێزم بۆیان لێرەدا ناوەکان وەك لیستی ژمارە یەکی ئەو قوربانیانە بڵاو دەکەمەوە.

## لیستی ژمارە یەك

| زنجیرە | ناو | پیشە | بەرواری کوژران | شوێنی کوژران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمین حسن گەورە | مامۆستا | 1981-9/27 | سەنگەسەر | |
| 2 | محمد حسن گەورە | پێشمەرگەی (ی.ن.ك) | 1983-7/23 | نزیك ڕانیە | |
| 3 | لەتیف عەبدللە ابراهیم | | گیرا1978 | | کادری کۆمەڵە |
| 4 | حسن حسێن حسن | پێشمەرگەی (ی.ن.ك) | | | |
| 5 | سلێمان حەمە امین | موختاری سەنگەسەر | 1981 هاوین | سەنگەسەر | ناسراو بە کوێخا سێمان |
| 6 | سید حسن | دوکاندار | 1982 | سەنگەسەر | سەر بە حشع |
| 7 | فاتمە سعید | ژنی ماڵەوە | | | سەنگەسەر |
| 8 | قادر لاجانی | پەنابەر | | | کوردستانی ئێران |
| 9 | محمد کمال | | | | سەر بە حشع |
| 10 | کوڕی عبدللە تاپر | | | | سەر بە حشع |
| 11 | حمە ابوبکر چاوشین | پێشمەرگە | | | خەڵکی ژاراوە |
| 12 | علی حمە امین خروێلکە | پێشمەرگە | | | خەڵکی سوڵتانەدێ |
| 13 | فەقێ عبداللە | | | | |
| 14 | حەمەی هەمزە قەجەر | | | | خەڵکی ژاراوە |
| 15 | خدری حسن قەتێ | | | | خەڵکی ژاراوە |
| 16 | حسن امین ساڵح | | | | خەڵکی ژاراوە |
| 17 | محمد ابوبکر | | | | |
| 18 | رسول حاجی شەریف | | | | خەڵکی چەکوان |
| 19 | میرە عباس مامند | | | | ڕانیە |
| 20 | حاجی شێخ حمە ساڵح و کچێکی | 1984 | | | برا و برازای بەڕێز مام جلال |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 21 | سلێمان مراد کاکە عبدللە | | | | |
| 22 | احمد قادر | | | | خەڵکی قەمچوغە |
| 23 | ساڵح اسماعیل | | | | سەنگەسەر |
| 24 | محمد عبدالله حمه | | | | ناسراو بەمام فەقێ |
| 25 | ئومێد ڕەسوڵ سونەیی | | | | |

چەند سەرنجێك.

لە ئایندەدا هەوڵ ئەدەم،[جگە لە کامڵ کردنی ئەم لیستی یەکەمە بەزانیاری تازەتر کە ئێستا خەریکی گەڕانم بەدوایاندا]، لیستێکی تر ڕابگەیێنم لەو ناوانەی کە بەدەستی ئەم تاوانبارە یان لە ڕێگەی ئەوەوە گیانیان لەدەست داوە لەوانە:

1- ناوی (3) سێ پێشمەرگەی بەڕێز قادری حاجی علی.

2- یانزە (11) کەسی تر کە کەسوکاریان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاری سلێمانیە داوایان لەسەر ئەم تاوانبارە تۆمار کردووە.

3- نۆ (9) پێشمەرگەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە ساڵی 1978، کە هەموویانی بەگیراوی دایە دەست ڕژێم و لە موسڵ لە سێدارە دران. ئەوەی شایەنی باسە من خۆم سەردانی ئەم گیراوانەم کرد لە موسڵ دوای حوکم دانیان کە چاوەڕێی پەتی سێدارە بوون. من لەو سەردانەمدا بەتایبەتی بۆ لای هاوڕێ لەتیف عبدللە کادری ئەوسای کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان چوو بوم کە ئەویش هەر بەدەستی ئەم خۆفرۆشە گیراو درایە دەستی ڕژێم و لە موسڵ لەسێدارەدرا.

4- مەفرەزەی جاشەکانی ئەو خۆفرۆشە بۆ چاوترساندنی خەڵکی بە سەیارەوە بە خێراییەکی زۆر بەناو شارا جرت و فرت فڕکانفڕکانیان دەکرد. لەم ڕێگەیەوە لە ناوشاری سەرنگەسەر بەسەیارە دووکەسیان کوشت. یەکێکیان بەناوی (عوسمانی فەڕاش) کە فەڕاشی قوتابخانە بوو. دووهەمیان کوڕێکی مناڵی مام سلێمان.

5- ناوی چەند کاروانچییەك کە لەسەر سنورەکانی نێوان ئێران-عێراق خەریکی بار گواستنەوە بوون بۆ دابین کردنی بژێوی خانەوادەکانیان.

6- هەروەها ناوی ئەو کەسانەش کە دوکانداربوون شەوانە دوکانەکانیان ئەبرا و تاڵان ئەکرا لە ڕێگەی کەمینی جاشەکانی ئەوەوە لە ناو سەنگەسەر.

7- ئەمە جگەلە تاڵان و بڕۆی ئاشکرای جوتیاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچانە کە خەریکی توتن چاندن بوون و باج و خەراجێکی بەناوی توتنانەوە بەسەریاندا سەپاند بوو.

مستەفای حسەنە گەورە msto123@hotmail.com 15/ ئۆکتۆبەری-2006